# وتوویژ و هەوڵی لۆژیکیانە،
# ڕێکاری چارەسەری کێشەکەی باکووری ئێراق1

ئیحسانی هوشمەند*
وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

هەڵوەشانەوە و ڕووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی و پێکهاتن و سەرهەڵدانی چەند وڵاتێک لەنێو هەرێمی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا بە سالآنی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی ، بوو بە مایەی کەوتنە ڕێی شەپۆلێک ناهێوری و ئاڵۆزی لە خۆرهەڵاتی ناڤیندا کە ئەم چەشنە بێ سەقامی و ئاڵۆزییە تائێستا بە دەور و بەر و گۆشە و کەناری ئەم دەڤەرەدا جاناجارێ خۆ دەردەخات2.

ناکۆکی سنووریی لە نێوان سووریا و لوبنان،عەرەبستان و یەمەن و ...شەڕ و پێکدادان و کێشەی بەردەوامی لە ناوچەداگیرکراوەکان و ئاڵۆزی نێو ناوچەکوردنشینەکانی ئێراق و تورکیا، نموونەی هەرە ڕوونی کێشە هەڵواسراو و چارەسەرنەکراوەکانی پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریتی عوسمانی دێنە ئەژمار کە تا ئێستا بە جاران خۆرهەڵاتی ناڤینی تووشی قەیرانی سەخت کردووە.

بەدوای هەڵوەشانەوە و ڕووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی ، سەرەتا تورکیای نوێ بە ڕێبەریتی (مستەفا کەمال) لە گەڵ کێشە و قەیرانی کوردانی باشووری خۆرهەڵاتی وڵاتدا بەرەو ڕوو بوویەوە. ڕاپەڕینەخوێناوییەکانی ئیحسان نووری پاشا،شێخ سەعیدی پیران و شێخ ڕەزا دێرسیم چەن کێشەیەک بوون کە مستەفا کەمال (کە بۆخۆ لە کوردەکانی دەڤەری ئامەد بوو)3 گیرۆدەیان بوو.هەندێ لەو ڕاپەڕینانە هەستی ئێرانییان تێدا دەبینرا هەر وەک ئیحسان نووری پاشا کە خوێنی ئێرانی بەمیرات پێگەیشتووی ڕۆستەم و زۆراوی بە مایەی شانازی و شەڕی خۆ بە دژی تورکانی توندڕەوی عوسمانی بە وەبیرهێنەرەوەی شەڕی نێوان ئێران و توران دادەنا!4

هەروەها دوا بەدوای دامەزرانی ئێراق جگە لە عەشیرەتی بارزانی، دەستەڵات و حوکمی شێخ مەحموودی بەرزنجی(سەرەتا بە لاگری بەریتانیا و پاشان بەرەنگاربوونەوەی) نیشانەی ئاڵۆزی بەرفرەی نێو ناوچەکوردنشینەکان لە داهاتووی بەرچاو دەخست . بەواتایەکی دی پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی و بەدوای دامەزرانی دوو دەوڵەتی تورکیا و ئێراق، کێشەی کورد بوو بە کێشەیەکی هەرە گرینگی نێو ئەو دوو وڵاتە و هەتا ئێستاش ڕێگەچارەیەکی ئەوتۆی بۆ نەبینراوەتەوە.

لە نۆ دەیە پاش دابەشبوونی تورکیای عوسمانی ،قەیران و شەڕ و پێکدادانی نێو ناوچەکوردنشینەکانی تورکیا و ئێراق هەروا بەردەوام بووە و بگرە تا هەنووکەش درێژەی هەیە.

ڕێگەچارەی ناسەرکەوتووی دەوڵەتی تورک بەم ساڵانە بنەماکەی لەسەر حاشاکردن لە شوناسی کوردان و بەرەنگاربوونەوەی شوناسی نەتەوەیی و چاندی ئەوان بەن بووە و لەو پێناوەدا گەلێ جار چەکی زۆر و تەنانەت پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەییش دەکار هاتووە.

ڕەوشی باکووری ئێراقیش بە هەمان شێوە بووە و خەباتی چەکداری و شەڕی خوێناوی نێوان چەکدارانی کورد و دەوڵەتانی پێشووی ئێراق ڕەهەندی نوێی بەخۆوە گرتووە.

دڵتەزێن ترین کارەساتی سەدەی بیستەم لە کیمیابارانەکەی شاری کوردنشینی هەڵەبجەدا خۆی دەرخست کە ڕژێمی بەعس بە کیمیابارانکردنی ئەو ناوچانە بەهەزاران مرۆی بێ تاوانی بەکوشت دا. بەڵام ئێستا لە باکووری ئێراق و باشووری تورکیا هەل و مەرجێکی نوێ پێک هاتووە و هەر چەشنە کەمتەرخەمی لە ئاست ڕەهەندەکانی ئەو پرسە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ناوچەکە تووشی کێشەیەکی هەرەقەتی و بەرفرە بکات.

بەدوای شەڕی یەکەمی ئێراق دەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا، باکووری ئێراق بە ناوچەی هێمن ڕاگەیندرا. هەر بۆیە لە ساڵی 1991 ەوە ناوچەکانی کوردنشینی ئێراق کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی دوو پارتی سەرەکی کورد واتە یەکێتی نیشتمانی بە ڕێبەرێتی جەلال تاڵەبانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق بە سەرۆکایێتی مەسعوود بارزانی .

هاوکات دەگەڵ دەستەڵاتی ئەم دوو پارتە بەسەر باکووری ئێراقدا پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (پە.کە.کە) بەشێکی چەکدارانی خۆی بۆ باکووری ئێراق گوێزتەوە و لەو ناوەدا وێڕای دانانی بنکەی سەربازی، دەستی دایە چالاکی چاندی ،سیاسی و ئابووری. ئەو بارودۆخە سەرباری دەوڵەتی تورکیا بۆ ڕێبەرانی سەرەکی پارتە کوردییەکانیش گەلێ گران و مایەی نیگەرانی بوو ،چوونکە دزەی دەستەڵاتی ئەو پارتە بۆ نێو باکووری ئێراق، قازانج و بەرژەوەندی ئەو دوو پارتەشی وەبەر کارتێکەری خۆ دەخست. هەر بۆیە هاریکاری ئەو دوو پارتە لە گەڵ دەوڵەتی تورک بۆ سەرکوتکردنی پە.کە.کە ئەوەندە دوور لە چاوەڕوانیش نەبوو . پاش گیرانی ڕێبەری کوردەکانی سەرهەڵداوی تورکیا ،عەبدوڵلا ئۆجەلان و داخرانی بنکەکانی ئەو پارتە لە بوقاعی لوبنان و سووریا ،بەشێکی دی چالاکی پە.کە.کە ڕووی لە باکووری ئێراق نا و بەدوای ڕووخانی دەوڵەتی سەددام و پەرەسەندنی دەستەڵاتی دوو پارتی کوردی ئێراقی لە باکووری ئێراق، چالاکی پە.کە.کە لەو ناوەدا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند.5

دوابەدوای هاتنە سەر دەوری ئیسلامییەکان لە تورکیا ،ئەوان سیاسەتێکی نەرمتریان دەرحەق بە کوردان گرتە بەر،بەلاّم بەدوای توندبوونەوەی هەڵمەتی چەکداری پە.کە.کە و گوشاری ئالییەکانی دەستەڕاستی لە نێو سوپا و پارتەکانی نەیار و خەنیمی ئیسلامییەکان ،هەڵوێستێکی توندتریان بەدژی پە .کە.کە نواند.

بەدوای بەرزبوونەوەی ئەگەری هێرشی سەربازی سوپای تورک بۆسەر باکووری ئێراق ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە بارودۆخی ناوچە چی بەسەردا دێ؟هەڵوێستی ئێران لەو بوارەدا چلۆن دەبێت؟شوێنهاتەکانی ئەو هەل ومەرجە نوێیە بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی ئێمە چ دەبێت؟ هەڵوێستی فەرمی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا لەو پێوەندییەدا چ دەبێت؟

وەرامدانەوەی ئەو پرسیارانە دیارە پێویستیی بە گەلێ زانیاری ورد و تۆکمە و تەواو هەیە.

1 – ئێران وەک دەورگێرێکی سەرەکی ناوچەکە لە پێوەندی دەگەڵ لایەنەکانی تێکهەڵچوو لەو قەیرانەدا قازانج و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە. لەلایەکەوە بەهێزکردنی دەوڵەتی نووری مالیکی، سیاسەتی هەرە ڕوونی ئێرانە. لەو لاشەوە بەرزکردنەوەی توانای ئیسلامییەکانی تورکیا کە ئێستا پاش ڕکەبەرایێتی و پێشبڕکێیەکی نزیک دەگەڵ پارتەعەلمانی و لەشکرییەکانی وەفادار بە ئاتاتورک ،کۆنترۆڵی کابینەی دەوڵەت،پەرلەمان و سەرۆکایێتی تورکیایان لەدەستدایە چەن ڕەهەندێکی دی پڕبایەخ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانن. هەروەها پێوەندی قووڵی دیرۆکی و چاندی نێوان کوردەکانی ئێراق و تورکیا دەگەڵ ئێران و دۆستایێتی گرووپەکانی کوردی ئێراقی دەگەڵ ئێران بەتایبەت لە ساڵانی شەڕی ئێران –ئێراق و هەروەها سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە ئێراق بایەخی پێوەندی نێوان ئێران و کوردەکانی ئێراقی بەرز کردۆتەوە. ئایا دەکرێ سیاسەتێک پەیڕەو بکرێ کە ببێتە مایەی پارێزراوبوونی هاوسەنگی لە پێوەندی نێوان دەوڵەتی ئێراق،کوردەکانی ئێراق و دەوڵەتی تورکیادا؟

2 – گرووپی پە.کە.کە سەرباری ئەوەی هەڕەشەی ئاسایشی بۆ تورکیا دێتە ئەژمار،بە کردە لە چەن ناوچەیەکی ڕۆژاوای ئێرانیشدا بە گژ هێزی ئێرانیدا چووە.هەر بۆیە ئەرچی پرسی عەلەوی بوونی زۆربەی چەکدارانی ئەم گرووپە و هەروەها بەشێکی فرەی جەماوەری کوردی تورکیا کە لەبەر نزیکبوون بە شیعە بۆ هەندێ ئالی نێوخۆی ئێران گرینگ لێک دەدرێتەوە ،زیان و خەسارێکی زۆریشی لە دام و دەزگا و هێزی سەربازی ئێران داوە، هەر بۆیە سەرکوتکردنی ئەم پارتە دەبێتە مایەی ڕەزامەندی دەستەڵاتدارانی ئێران!چوونکە هەم خەرج و بەرجی بەرەنگاربوونەوە و لاوازکردنی ئەم پارتە دەکەوێتە ئەستۆی سوپای تورک

و هەمیش نیگەرانی پارتەکانی کوردی ئێراقیش لە دژەی دەستەڵاتی پە.کە.کە بۆ نێو باکووری ئێراق کەم دەبێتەوە،هەرچەندە ڕاگەیاندنی لاگری فەرمی پارتەکوردییەکانی ئێراق دەبێتە مایەی ورووژانی بیر و ڕای گشتیی کورد لە تورکیا و ئێراق بەدژی ئەوان. جا گەر وایە ئەی لەبەر چییە کوردەکانی ئێراق نیگەرانی هێرشی تورکیا بۆسەر بنکەکانی پە.کە.کە لە باکووری ئێراقن؟

3 – بەدوای جیابوونەوەی ئێراق لە عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتی نوێ و پێکهاتنی دوو دەوڵەتی ئێراق و تورکیا ،بەردەوام پرسی ناوچە نەوتییەکانی باکووری ئێراق وەک مووسڵ بۆ تورکیا بایەخێکی زۆری بووە .سەرباری ئەوەش تورکیا نیگەرانی ئەوەیە کەرکووک بخرێتەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستانی ئێراق کە دیارە ئەو پرسە کارتێکەری خۆی دەبێت لەسەر باشووری تورکیا ، هەر بۆیە دەکرێ بڵێین دەوڵەت و سوپای تورک سەرباری پە.کە.کە لە ئێرقدا بەدوای شتێکی دیکەوەن.

4 – گەر بێتوو لەبەر ئاڵ و گۆڕی ناوخۆی ئەمریکا، ئەو وڵاتە هێزی سەربازی خۆ لە ئێراق بکشێنێتەوە(بەسەرنج بە لەپێشدابوونی هەڵبژاردنی کۆنگرێسی ئەمریکا و سەرکەوتنی دیمۆکراتەکان لە لایەک و ئەزموونی شەڕەکەی ڤێتنام دوور لە چاوەڕوانیش نییە)لەو لاوە چارەنووسی کوردەکانی ئێراق بەرەو مەترسی دەبات. تورکیا لە باکوورەوە و عەرەبی سوننە و پاشماوەکانی بەعس لە باشوور و خۆرهەڵاتەوە بارێکی پڕگران و زەحمەت بەسەر کوردەکان دا دەسەپێنن. بەتایبەت لەبەر ناکارابوونی ئەو پارتانە لە کۆنترۆڵکردنی باکووری ئێراقدا ئێستا ناڕەزایەتییەکی فرە لەئارادایە. ڕوون و ئاساییە ئێران بۆ کوردەکان ناوچەیەکی هێمن دەبێت.

ئەو هەل و مەرج و ڕەوشە گەر بەرەو گەڕانەوەی بەعسییەکان و ئالی سوننە بۆ سەر دەستەڵات مل بنێ ئەوەندە بەدڵی ئێرانیش نابێت.

لە وا هەل و مەرجێکدا چەن پرسیارێکی گرینگ خۆ قوت دەکاتەوە وەک ئەوەی چۆن (چ جۆرە)هەڵوێستێک لە لایەن ئێرانەوە دەتوانێ دەستەبەری قازانج و بەرژەوەندی نیشتمانی(لێرەدا مەبەست لە قازانج و بەرژەوەندی نیشتمانی ، بەرژەوەندی گشتیی گەلی ئێرانە و قازانج و بەرژەوەندی جەماوەری کوردی ئێرانیش بەشێکە لەو قازانج و بەرژەوەندییە 6)ئێمە بکات؟

لە لایەکی دیکەوە هەر سێک لایەنی ئەو کێشە واتە دەوڵەتی ئێراق،کوردەکانی ئێراق و تورکیا، دۆستانی ئێمەن و مەنتیق و لۆژیکی سیاسییش ئەوەمان پێ دەڵێ تا بە قووڵ کردنەوەی هاوبیری لەنێوان لایەنەکانی ئەو کێشەدا ،ئاڵۆزی و کێشەکە بەرەو ئالی سەربازی نەچێ.

دیپلۆماسی کارا لەم هەل ومەرجەدایە دەتوانێ بایەخی هەوڵی لۆژیکیانە و گفت و گۆ بۆ دوو لا ڕوون بکاتەوە.تا لەو ڕێگەشەوە سەقام و ئاسایشی درێژخایەنی ناوچە نەبێتە قوربانی بەرژەوەندی کورت خایەن.

وێڕای ئەوەش کوردەکانی ئێراق و دەوڵەتی ئێراق لەبەر هاتنە ئارای هەل و مەرجی نوێ لە تورکیا بەکردە هەوڵی نەهێشتنی نیگەرانی تورکیا بدەن. گەلێ ڕوون و ئاشکرایە بێتوو ئیسلامییەکان سەرنەکەون و ناسیۆنالیستەکان دەور بگرنەوە دەس و دەور و پێگەی لەشکرییەکانیش بەرز بێتەوە لە داهاتووی نزیکدا باکووری ئێراق تووشی کێشەی گەورەتر دێ.

لە ئێرانیشدا گەر هەندێ ناسیۆنالیستی توندڕەو بە گومانی خۆ بیانەوێ وەک سەردەمی گیرانەکەی ئۆجەلان ئێرانیش پێوە بتلێنن یان بە کۆبوونەوە یان بە بیانووی لاگری لە کوردەکان کێشەکە بۆ نێوخۆی ئێرانیش بگوێزنەوە، گەرەک ناگەرەک دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی گوشاری سەر گرووپەکوردییەکان و یەکەمین دەرەنجامیشی کەمبوونەوەی ڕادی چالاکی دیپلۆماسییانە و بەهێزبوونی هەڵوێستی لەشکرییەکانی تورکیا دەبێت ،دیارە ئەو سیاسەتە هیچ ژیرانە نییە7.

بە گشتیی وشیاری کۆمەڵەی ڕووناکبیری و چالاکانی سیاسی لەو بوارەدا دەتوانێ دەوری سەرەکی و گرینگ بگێڕێ. هەروەها ئامادەیی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە ڕووداوی تاڵی وەک سەرهەڵدانی شەڕ و

هەڵمەتی سەربازی لە باکووری ئێراق و بەدوای ئەوەشدا گوێزرانەوەی ئەو ئاڵۆزییە بۆ نێو سنووری ئێران گەلێ پێویستە، چوونکە دابینی نیاز و پێداویستیی ئاوارەکانی کوردی ئێراق لەبەر لەبەردەمدابوونی سەرما و سۆڵەی ڕۆژاوای ئێران، هەنگاوی هەرە پێویست بۆ ئەم ڕۆژانە دەبن.

---

* توێژەر و کۆمەڵناسی کورد

سەرچاوە : ڕۆژنامەی "ئیعتیماد میللی"،پێنج شەممە 10ی گەلاڕێزانی 1386 ی هەتاوی(یەکی نۆقمبەری 2007 ی زایینی)، لاپەڕەی 15

چەن ڕوونکردەنەوەیەک لەلایەن وەرگێڕەوە:

1 وەرگێڕی ئەم بابەتە بۆ ڕەچاوی بەرپرسبوونی دەرحەق بە دەق و گوێزتنەوەی بە گوێرەی ڕوانگە و بۆچوونی نووسەر هەوڵی داوە زاراو و دەستەواژەکان بە هەمان شێوە بۆ کوردی بگوێزێتەوە کە نووسەر ناودێری کردوون ئەگینا نەیار و بگرە دژ بە زۆربەی بیر و بۆچوونەکانی نووسەر لە ئاست دۆزی ڕەوای گەلی کوردە و بڕواشی بەو دابەشکارییەی نووسەر لە نێو نووسینەکەیدا نییە.

2 بە داخێکی گرانەوە نووسەر ئەو حەق و مافە بە گەلەکەی ڕەوا نابینێ بۆ وەرگرتن و ئەستاندنی مافی ڕەوای خۆ بەدژی داگیرکەرانی کوردستان و دەوڵەتانی سەردەست ڕاپەڕێ و تۆمەتی ئاژاوەچی دەداتە پاڵ شۆڕش و ڕاپەڕینەکوردییەکان.

3 پێم وابێت ئەمەیان دۆزینەوەی نوێی نووسەر بێت و لە هیچ دەق و کتێبێکدا ئیشارەتێ بەوخاڵە نەدراوە کە ئاتاتۆرک کورد بێت.

ڕاستە مستەفا کەمال بە هاریکاری ڕاستەوخۆی سوپای حەمیدییە دەستەڵاتی گرتە دەس کە زۆربەی سەرباز و ئەفسەرانی نێو ئەو سوپا کورد بوون لێ ئەوەی ئاتاتۆرک کورد بێت ئەمەیان کەشفێکی تازە بۆ کوردانە کە نووسەری بەڕێز پەردەی لەسەر هەڵداوەتەوە. ئاتاتۆرکێک ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی لە کوردی باکووری کوردستان کرد و بە پیسترین شێوە کەوتە قڕکردن و سەرکوت و قەڵاچۆی کوردان، چلۆن ئەتوانێ کورد بێت!!

مستەفا کەمال بە هەزاران وادە و بەڵێنەوە بەر لەوەی بگاتە دەستەڵات پشتیوانی کوردەکانی بۆ لای خۆ ڕاکێشا بەڵام هەرکە نیشتە سەر دەور و دەستەڵاتی گرتە دەس بە نامرۆیی ترین لەون و شێوە کەوتە پاکتاوی ڕەگەزی کوردەکان و ئەوەندەی پێکرا هەوڵی لەناوبردنی دان،جا ئینسانێکی ئەوتۆ کوا شایانی ناوی مرۆڤە و نازانم چلۆنە نووسەری بەڕێز بەرگی کوردی بەوەردا دەکات و ناسنامەی کوردی پێ دەبەخشێ!!

4 دیسان مەخابن نووسەری هێژا ئەوەندەی خۆ بە ئێرانی و ئێرانیگەرییەوە دەبەستێتەوە و شانازی پێوە دەکات گەر دە یەکی ئەوەندە پەرۆشی گەلەکەی و مافی میللەتەکەی بووایە سوورێکی بە حەقی بە خامەکەی دەدا و چەن دێڕێکیشی بۆ سەلماندنی دڵسۆزی بە گەلەکەی بەسەر ڕووپەڕی قاقەزاندا دەنەخشاند و ڕێکاری دەخستە بەردەم ڕووناکبیرانی کورد .

5 ئەوەی تۆزی واقیعخواز بێت و ئاگاداری ڕەوشی ناوچەکە بێت و ئاگای لە دڕەخوویی ناحەزانی کوردیش بێت،زۆر چاک دەزانێ نەک ڕێبەرانی کوردی باشووری کوردستان بگرە تەواوی جەماوەری کوردی باشوور باشترین و گەورەترین پاڵ پشت بۆ کوردی باکوور و خەبات و ڕاپەڕینەکەیانن لێ بارودۆخی هەرە هەستیاری ناوچەکە و گوشاری بەردەوامی داگیرکەرانی کوردستان و کوێراییان بەو دەستکەوتەی کوردی باشوور، هەردەم دەستەڵاتدارانی حوکوومەتی هەرێمی تووشی کێشە کردووە ئەگینا گەر بە ڕەزامەندی ڕێبەرانی کوردی باشوور نەبووایە ئەی چلۆن ئەو هەموو دەورە بەم ساڵانە بە پە.کە.کە دەدرا لە باشووری کوردستاندا خاوەنی ئەو هەموو دەزگە و نووسینگە و بنکە بێت!!

6 نووسەری بەڕێز وامان بە دەوڵەتی ئێرانەوە دەبەستێتەوە دەڵێی کوردی ئەم بەشەی کوردستانی لەت لەتکراو هیچ کێشە و گرفتێکی نییە و خاوەنی هەموو ماف و حەقێکی خۆیەتی و بەرژەوەندی خۆی لە بەرژەوەندی نیشتمانیی ئێران دا دەبینێتەوە.

7 نووسەر تەنانەت ئەو مافە بە ڕووناکبیران و توێژی پێشڕەوی گەلەکەی ڕەوا نابینێ جەماوەر وشیار بکەنەوە و گەر ورووژێنەر و ڕاپەڕێنەری هەستی کوردایێتی لە نێو جەماوەردا بن بە ئاژاوەگێڕی بۆ دەوڵەتی ئێرانی لەقەڵەم دەدات و ڕێگەچارەش دەخاتە بەردەم سەرکوتکەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕێناس جاف

تاران، 30 ی گەلاڕێزانی 2707ی کوردی